# گلارەی دیدەم

کۆژان
ئارِنهێم هۆلّندا
b_shiruan@hotmail.com

گلارەی دیدەم
گوێم لە هەناسەی سووتانتە
هەلْ ئەقرچێم
نێوچاوم بەسەرهەردوو لەپمەوەیە
چۆلّەوانی ڕۆح ئەپێوم
شەوێک دووشەو سیان و چواروو
هەزارویەک
تۆهەرنەبووی نەهاتیەوە
چراخانی ئەم بێتۆیەم هەلّکەیتەوە
گریَ کوێرەی کام داستان بکەمەوە
حەزیای کام ڕێگا بکوژم
ببمە گەلگامشی کام ڕێگا
لە شەرابی زەهراوی کام خەیام بنۆشم
بانگی ئەل حەقی کام حەلاج هەلّبدەم
بۆ ئەوەی بێیتەوە
چراخانی ئەم بیَ تۆیەم
هەلّکەیتەوە